www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-7-2006 1:27

# گۆڕان ...هەستیار غەمگین



گۆڕان بەمانا گشتیەکەی واتای گۆڕینی شتێک دەگەیەنێت لەخراپەوە بۆچاک یان بەپێچەوانەوە لەچاکەوە بۆ خراپ، چونکە چاکیش کەدەبێتە خراپ هەر گۆڕانکاری پێدەوترێت.
بەڵام بەمان جەوهەریەکەی گۆڕان (تەغیر) بەو شتە ئەوترێت کەلەخراپەوە بەرەو چاک هەنگاو دەنێ، جائەو گۆڕانە لەهەر شتێکدا بێت گرنگ نیە، لەهەر قاڵب و فۆڕمێکی جیاوازدابێت.
ئەو کەسانەی توانای گۆڕانیان تیایە کێن و چۆنیش دەتوانن گۆڕانکاری لەتەواوی دەقە دۆگماو چەقبەستووەکانی ژیاندا بکەن؟!
بەبۆچونی من ئەو توێژەی کەتوانای گۆڕانکاری و تەغیرکردنی تیایە لەسەرجەم کایە جۆراو جۆرەکانی ژیاندا تەنها گەنجانن..
لەگەڵ وتنی ووشەی گەنجدا چەندین مستەڵەحی ئەکتیڤی هەمەچەشنی دەدرێتە پاڵ، وەک؛ داینەمۆ، ڕۆحی کۆمەڵگا، بڕبڕەی پشتی کۆمەڵ، نەوەی ئایندەو. هتد..
کەواتای ئەو کارەی کەگەنج ئەتوانێ زۆر بەکارایانە ئیشی لەسەر بکات و بەجۆرێک بیگۆڕێ کەبەهیچ کەسێک ئەومەتریالە نەگاتە ئەو پلەی کەماڵە لەریفۆرمدا.
گەنجان لەتەواوی جیهاندا بەداینەمۆی کۆمەڵگاو وزە پێدانەوەی ژیان دەرکەوتوون. تەواوی ڕلاێنیسانس و ڕاپەڕینە جەماوەریەکان لەتەواوی جیهاندا کەکراون یەکێ لەتوێژە سەرەکیەکانی نێو ئەو دەستەو تاقم و گرووپانە گەنجان بوون، شۆڕشی فەڕەنسا کەبووە هۆی گۆڕینی سەر لەبەری یاساو دەستووری ئەو وڵاتە، و ئاڕاستەی زیندەگی خەڵکی بەئاقارێکی تردابرد، گەنجان پشکی گەورەیان هەبوو لە ڕێنیسانسەدا، کەتاکو ئێستا زیاد لە چەند یەد ساڵ دەبێت ناوەکەی هەر ماوەتەوەو هەتاهەتایە جیل بۆ جیل دەیگێڕنەوە، بۆئەوەی بزانن کە ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینە، هەستیار ترین و ڕیفۆرم ترین توێژ کردویەتی.
لەکوردستانی خۆشماندا ئەو شۆڕشانەی کەلە دیرۆکی نەتەوییماندا کراون بەڕێژەیەکی بەرچاو گەنج هەڵسوڕێنەریان بوون. بەڵام ئەمرۆ ئەگەرچی زەمەینە کەمتر بۆگەنج ڕەخساوە کەبێتە نێو کایە جیاوازەکانەوە و هەوڵی گۆڕانێکی ڕیشەیی بدات، گەنج خۆیشی لەفۆڕمێکی زیاتر پاسیڤیدا خۆی دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕێگای پێنادری دەست لەوشتانە وەربدات کەئیشی ئەوەو دەسەڵات لێی مەحرووم کردوە، چونکە ئەگەر بێتوو گەنج ڕیفۆرم و چاکسازی بکات بەقازانجی ئەوان تەواو نابێت و لەبەر ژەوەندیاندا نابێت، بۆیە ئەمیش ئەو ئاڕاستە پاسیڤەی وەرگرتووەو خۆی لەو مەسەلانەوە بەدورگرتووە.
پێشم وانیە، ئەم ئاڕاستەیە تەواوی گەنجان پەیڕەوی بکەن کەدەست بەکڵاوی خۆیەوە بگرێت بانەیبات و واز لەو هەموو گەندەڵی، و ناگەدالەتیە بهێنێ کەدەسەڵاتی کوردی پیادەی دەکات.
سەرەڕای هەموو ئەو ڕێگریانەی لەبەردەم توانای گەنجدا قوتبۆتەوەو لەمپەرو ئاستەنگی بۆدرووست کردون، کەچی لێرەو لەوێ گەنجانی ئەکتیڤ دەبینی کەڕۆڵی ڕاستە ڤینەی خۆیان و تواناکانیان بەر جەستە کردوە، بەگیانێکی دینامیکیەت و کاراوە بەرەو ئاسۆی نادیاری خۆیان هەنگاو دەنێنن.
باشترین و دیکۆمێنت ترین شتیش بۆ ئەم قسانەو پاڵپشتی نووسینەکەم ئەوگەنجانەن کەلەنێو ڕۆژنامەکاندا کار ئەکەن و هەوڵی جدی و فعال- کارا ئەدەن، لەپێناو پێشکەوتنی ئەو ڕۆژنامەیەدا.
ئەگەرچی ئەوانەیش کەلەو پەڕی جەریئی و جەربەزەییەوە بابەتێک دەنووسن و ڕووی گەندەڵچیانەی بەرپرسی کورد هەڵئەماڵن ئەوا ڕووبەڕووی چەندین موستەڵەحی وەکو ئانارشیست و تیرۆریست و ئاژاوە گێڕو چەندین ناو و ناتۆرەی قۆرتر دەبێتەوە کەهیچ کام لەم چەمکانە ئیرادەی پۆڵاینی گەنج تێک ناشکێنێ و لەو هەوڵە پڕ لەتەغیرو گۆڕانکارییەی ناوەستێ، و تاکو بۆی بکرێ پرۆسەی ڕیفۆرمی کۆمەڵگاو چاکسازی پەرە پێدەدات.

Hastiar2006@yahoo. com